# تازەگەری شیعری کوردی لە ئەزموونی نەوە جیاوازەکاندا



**نیهاد جامی**: تازەگەری گوتاری شیعریمان دەست نیشان کراوە، دەبینین تازەگەری روانگە گۆرینی چەمکی سروشتی (گۆران) ە بۆ ئایدیۆلۆژیا، وەک چۆن لە ئەزموونی گۆران خۆشی تازەگەری لەناو زمانی وەسفیدایە، ئەو هۆکارە چییە وا دەکات تازەگەری شیعری کوردی لە شوێنێکدا بوەستێت و نەتوانیٚ ئاسۆکانی خۆی ببینێت؟

**دانا عەسکەر**: ئێمە بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەو تەوەرە و گۆڕان لە شیعری کوردی، پێم وایە چەق بەستووی دەقی تازەگەری شیعری کوردی لە قۆناغێکی دیاری کراو، بە تایبەت بەدوای (گۆران) دا، تا ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە خوێندنەوەیەکی جوانمان هەبێت بۆ ئەدەبی کلاسیک، ئێمە هەموومان بەتایبەت وەک کورد قەرزاری ئەدەب و فکری رۆژئاوایین، دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی ئەگەر بێت و ئێمە حساباتێک بۆ قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی بکەین، لە (بابە تاهیری هەمەدانی)ەوە تا(گۆران)، ئێمە هاتووین هەمان ئەزموونی نالی و مەستوورەی ئەردەلانی دووبارە دەکەینەوە، شێوازی کارکردن  لە بواری سیاسەت و ئەدەب، ئەو سەردەمە کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی کورد و نەبوونی گوتاری کوردی وای کرد، قسەی ئەدەب بوو بو قسەی سیاسەت.

**نیهاد جامی**: گەر وابێت شاعیرەکە لەناو زماندا بیری نەکردۆتەوە، لەناو کێشە سیاسەکان بیری کردۆتەوە، رەنگە لەو حاڵەتشدا (حاجی قادر) نموونەیەکی باشی ئەو ستایلە ئەدەبیە بێت، بەوەی هێندەی کێشەی نەتەوە بەلایەوە گرنگە، کێشەی شیعر بەلایەوە هێندە گرنگ نییە، ئەو هۆکارە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**دانا عەسکەر**: ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە یەکەم نەبوونی گوتاری نەتەوەیی ئەمە خۆی گرفتی ئێمەیە، دووەم ئێمە نەمانتوانیوە تەوافقێک لە نێوان بیری نەتەوەیی وەک وتاری قورئان وەک ووتاری رۆمانسی لێک جیا بکەینەوە، ئەگەر بێت قسە لەسەر کولتوری عەرەب بکەین، کولتووری عەرەب کولتورێکی زۆر زاڵە بەسەر پێکهاتەو عەقڵ و فیکر و ئەدەبی کوردی بگرە زۆربەی ئەو وڵاتانەی لەژێر چوار چێوەی دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا ماونەتەوە، دواتر ئیشکرنی بابەتاهیری هەمەدانی لەسەر دەلالەتەکانی ئاینی زەردەشتی، نە ئەحمەدی خانی و نە (نالی)یش نەیانتوانیوە تەواوکەری ئەو بیرە نەتەوایەتیە بن.

**نیهاد جامی**: بەڵام با بیرت بێنمەوە، نالی لە زۆر شوێندا جیاوازە، نالی کاتێک بە گویٚ درێژەکەی دەڵێت " ئەمن گویٚ کورت و ئەتۆش گویٚ درێژ) مانای وایە نالی واز لەو گوتارە دێنێت، دەچێتە سەر زاتیەت، ئەوەش مانای وایە ئەو جیاوازە لە (بابە تاهیری هەمەدانی) یان (حاجی قادری کۆیی).

**دانا عەسکەر**: نالی کە وڵات بەجیٚ دێڵیٚ لەبەر ئەوە وڵاتی بە جیٚ نەهێشتووە، کە ئەمارەتی بابان دەروخێت، لەوانەیە هەندێک بۆچوون وای لە نالی کردبێت بەخۆیدا بچێتەوە.

**نیهاد جامی**: ئایا تازەگەری شیعرمان توانای ئەوەی هەیە لە ڕوانین بۆ ئیستاتیکاوە سەیری زمان بکات، یان وەک گرفتی سایکۆلۆژی مرۆڤی کوردی سەیری دەکات؟

**بورهان ئەحمەد**: گەر بە قۆناغەکانی پێشتردا بچینەوە، بۆ نموونە با بڵێین لەسەردەمی نالییەوە، بیگرین کە لەسەردەمی بابانییەکان بوو، گوتاری شیعری کوردی گوتارێکی یەک ڕەهەندی بوو، گوتارێکی یەکگرتوویی بوو، گوتارێکی یەک ئاراستەیی بوو، ئەویش کولتوری دینی بوو، ئێمە گەر بە کۆی شیعرەکانی نالی و مەحوی و سالم و کوردی بچینەوە، بەوانەدا بچینەوە، دەبینین کۆی گوتاری شیعری کوردی لەو سەردەمەدا تەنها پابەند بووە بە گوتارێکی دینی، لەپاڵ گوتارە دینیەکە ویستویەتی شتە نەتەوەیەکان بوورژێنێت، بەڵام کە گۆران دێت دەبینین لەسەردەمی گۆراندا گوتارەکە دەبێت بە ئیستاتیکا، دەبێت بە گوتاری ژن، بۆ نموونە دێت باسی گوتاری ژن دەکات، ئەمانە گۆرانکاریە لە دوو قۆناغی جیاوازدا، ئێستە لەدوای ڕاپەرینەوە دەنگی تازە دروست بووە، بەڵام دەنگەکان تێکەڵ و پێکەڵن، بە بڕوای من هەندێک لەژێرکاریگەری شیعری فارسیدان، تۆ ئێستا شەش قەسیدە وەرگرە، ناتوانی تۆ ناوەکان لەیەک جیا بکەیتەوە، بابڵێین ئەمە هەناسەی (هیوا قادر)ە و ئەمە هەناسەی (دلاوەر قەرەداغی)ە، هەناسەکان مەبەستم زاتی ئەو شاعیرانە نییە، مەبەستم کۆی شتەکانە، جگە لە چەند ناوێک هەست ناکەیت خاوەنی گوتارێکی شیعری بین، ئەوەی کاک (دانا)باسی کرد ووتی ئەزمونەکان دووبارە دەبنەوە، ئەزمونەکان جیاوازن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ئەزموون جیاواز دەبێت.

**نیهاد جامی**: باشە تۆ چۆن گۆران و ڕوانگە لەیەک جیا دەکەیتەوە، جیاوازییەکانیان لە چی دایە؟

**بورهان ئەحمەد**: خۆی ڕوانگە لە ژێر کاریگەری بەیانی شیعری عەرەبیدا بووە، جگە لە ڕوانگە ئێمە ئەزموونی کفریمان هەیە، بە حەقیقەت ئەزمونی هەڵمەت و شاکەلی ئەزموونێکە ئەویش دەبێت قسەی لەسەر بکرێت، دوو قۆناغی جیاواز قۆناغی گۆران و قۆنای دوای گۆران (شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبدوللا پەشێو) درێژکراوەی قۆناغی گۆرانن، بەڵام هەناسەیەکی کەمێک جیاواز، جیاوازە گەر گۆران تەنها شروشتی مەبەست بوو بێت، ئەوە ڕوانگە هاتووە بابەتی کوردەواری لە ڕۆحی کوردەوارییەوە..خاسیەتی بارودۆخی کوردەواری گواستۆتەوە.

**نیهاد جامی**: باشە مادام وایە پێویستمان بەوەیە بپرسین روحی کوردی چیە؟

**بورهان ئەحمەد**: روحی کوردی ئەو روحە نەتەوایەتییە، بە بڕوای من تا بستێک زەوی بمێنێت لە کوردستانی گەورە بە داگیر کراوی، برەوی شیعری شێرکۆ دەمێنێت، برەوی شیعری پەشێو دەمێنێت.

**نیهاد جامی**: گەر وابێت ئەوەی روحی کوردی و روحی عەرەبی لەیەک جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە روحی کوردی نالی و حاجی و مەحوی هە یە، ڕۆحی عەرەبیش (ئەدۆنیس و نزار قەبانی و سوعاد سەباح) ی هەبێت، بەڵام ئایا هەست ناکەیت روح خاوەنی چەمکێکی ناسیۆنالیستی نییە، روح شتێکی خودی مرۆییە، دانا گەر تۆ قسەیەکت هەبێت لەسەر قسەکانی بورهان؟

**دانا عەسکەری**: من حەز دەکەم قسە لەسەر ئەو تێڕوانینەی کاک بورهان بکەم لەسەر ئەو قسەیەی من، کە دەڵێم هەندێک جار قۆناغەکان دووبارە دەبنەوە، دووبارە لە حاڵەتی مەسەلە ناسیۆنالیستەکان، بۆ نموونە باسی قۆناغی حوکمی بابانییەکان و ئەردەلانییەکانم کردووە، واتا لە ویۆە شیعری کوردی بووە بە گوتاری سیاسی، نەوەک ببێت بە گوتاری نەتەوەیی، ئەمە ئەو حاڵەتە ناسیۆنالیستەیە، ئێمە لە قۆناغێکدا کە تۆ باس لە شیعری حەماسی لە دوای گۆرانەوە دواتر هاتیتە سەر ڕوانگەو ڕوانگەت ناوبرد بە کاریگەری یا ئاوێنەی یارەنگدانەوەی کاریگەری گوتاری حەماسی، من لەو تێڕوانینەوە دێمە سەر ئەوەی کە جیاوازی نییە، ئێمە لەو سەردەمە قسەیەک لەسەر ئێستای پارچە پارچەکانی کوردستان بکەین، بەهەمان شێواز ئەو تێڕوانینەی سەردەمی نالی و مەستوورەی ئەردەلانی نییە کە نالی لە هەندێک گوتاردا قسە بە مەستوورە دەکات، دواتر شێرکۆ بێکەس باسی بۆننامە دەکات، قسە بە پارچەیەکی تری

کوردستان دەکات، یانی دابڕانی جوگرافیایەکی بچوک ئەمە بیری نەتەویەتی بچوکترو ئالۆز دەکات، یانی ئەمە دووبارە دەبێتەوە.

بورهان ئەحمەد: ئەوەی تۆ ناوت برد بە شیعری مقاوەمەت یان شیعری بەرگری، بەلاّم بەپێی قۆناغەکە دەگۆرێت، بەرگری کردن لە حالەتێکی حەماسیەوە بۆ حالەتێکی فەلسەفی، ئێستە ئێمە گەر بە بەرهەمەکانی (بەختیار عەلی) دا بچینەوە بڕوا بکە پڕە لە شتی مقاوەمەت.

نیهاد جامی: رەنگە ئەزموونی شیعری بەختیار عەلی جیاواز بێت، جیاوازیەکەش ئەوە بێت ئەو بە چەندین ئەزمونی جیاواز تێپەڕیووە، دەکرێ ئەو لە قەسیدەی نیشتمان جۆرێک بێت لەو حالەتەی تۆ بە مقاوەمەت ناوی دەبەیت، بەلاّم ئەزموونەکانی تری تەواو جیاوازە.

بورهان ئەحمەد: سەرچاوەی شیعری بەختیار عەلی لە خودی خۆیەوە هەلقولاوە بەسەر کۆی خالێکدا، من نالێم بەختیار بەشێوەیەکی حەماسی شت دەنووسێت، ئەم بە شێوەیەکی فەلسەفیانە بەرگری لە ئازادی دەکات.

نیهاد جامی: هەموو ئەوانەی ووتمان لە بارەی تازەگەری کوردی بەگشتی و ئەزموونی شیعری گۆران بە تایبەتی، بەلاّم با ئێستا بچینە سەر لایەنێکی تری شیعری گۆران، ئاوێزان تۆ هەست ناکەیت کە وەسفی گۆران بۆ ژن وەسفێکە بۆ جەستەی ژن، بەمانایەکیتر گۆران تەنها جەستەو لەش و لار دەبینێت و عەقلی نابینێت، ئایا ئەوەش ریگەی ئەوەمان نادات بلێین ئەزموونی گۆران ئەزمونی ستایشکردنی جەستەیە، ئەزمونێک نیە پەیوەندی بە خودی ژنەوە هەبێت وەک کارەکتەرێکی ناو کۆمەلگا؟

ئاوێزان نوری: من لە کۆی شیعرەکانی گۆران چەند جارێک خوێندومەتەوە، ئەو سروشتەی کە وەسفی ژنی کردووە، لەهەمان کاتدا ژنی بەخاک، پێناسەی سروشتی خاکی کردووە، وەسفی نیشتیمانی کردووە، لەوێ تێکەلّ کردنێک هەیە لە نێوان شیعرەکانی، ئەو شتەکانی تەنها بە ژن دەربڕیوە، بەلاّم مەبەست ژنەکە نەبووە، مەبەست خاک بووە، مەبەستی سروشتی کوردستان بووە، لە کۆی شیعرەکانی وام بۆ دەرکەوتووە، ئێستاشی لەگەلّ بێت نەک ئێمە باسی سەردەمی گۆران بکەین، باسی ئەو قۆناغە بکەین وا وەسفی ژنی کردووە، ئێستاش هەمان شتە ئیستاش باس لە وەسفیەتی عەقلی ژن ناکرێت، تەنها وەسفی جەستەی ژن دەکرێت، بە داخەوە تا ئەمرۆش ئەوە دەبینم، رۆژێکیان پرسیارێکیان لێکردم: بۆچی پیاوان بە شیعر خۆشەویستی خۆیان دەردەبڕن کەچی ژنان وا نین، لەبەر ئەوەی من لێرە لە کۆی شیعرەکان کە لەسەر دەمەکەدا هەن، وە ئەمەی خوێندومەتەوە ئەوەی ئێستاش دەیانخوێنمەوە بۆم دەردەکەوێت پیاو تەنانەت لە شیعرەکانیشدا بەهەستێکی پاکی خۆیان دەزانن، تەنها وەسفی جەستەی ژن دەکەن، وەسفی ناوەوەی ژن ناکەن، کاتێک ژن ئەو بەرامبەرەی نییە بەرامبەر پیاو، لەبەر ئەوەی هیچ جوانیەک نابینێت لەوەی کە پیاو چۆن تەماشای ئەو دەکات، بەر لەوەی بیر لە جوانیەکان بکاتەوە بەر لەوەی بیر لە دەربڕینی خۆشەویستی خۆی بکاتەوە بە شیعر بۆ پیاو، بیر لە دەربڕینی ئازار وموعاناتەکانی خۆی دەکاتەوە بۆ پیاو.

نیهاد جامی: بەلاّم ئایا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ژن شیعر بنوسێت لە دژی پیاودا؟

ئاوێزان نوری: نەخێر من پێم وانییە، ژن .. من وەک خۆم بێنمەوە بەنموونە لە دژی پیاو ناینووسم بەلکو بۆ ئازادکردنی خود دەینوسم، ئازادکردنی دەربڕینی خۆم، ئازادکردنی دەربڕینی ناخی خۆم، بەلاّم لە هەمان کاتدا کە پیاو شت بۆ من دەنوسێت، منیش حەقی خۆمە شت بۆ ئەو بنووسم.

نیهاد جامی: باشە کەوا بێت تۆ چۆن سەیری پەیوەندی نێوان کێشەی ژن و شیعر دەکەیت؟

ئاوێزان نوری: تەنها کێشەیەک ئەدۆزرێتەوە، پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ژن کە دەست دەبات بۆ شیعر، کە شیعر دەنووسێتەوە. هەموو ئازار و ژانەکانی خۆی بیر دێتەوە.

نیهاد جامی: بەلاّم دواجار تا چەند ئەوە دەبێت بە شیعر؟

ئاویزان نوری: راستە شیعر دەربڕینی ناخ نییە، بەتاڵکردنەوەی ناخ نییە، قسە کردنە لەسەر شتێک، قسە کردنە لەسەر واقیع، بەڵام هەموو ئەو دەربرینەی ئازار وموعاناتە خۆی لە خۆیدا قسەکردنە لەسەر واقیع.

نیهاد جامی: باشە مەسەلەن تۆ باسی شکست دەکەیت، بەڵام چۆن ئەو شکستە دەگوازیتەوە ناو زمان، با نموونە بە ئەزمونی شیعری کەژاڵ ئەحمەد بێنینەوە، ئەو لە سەرەتای ئەزموونە شیعریەکەیدا بە پیاو دەڵی (دەستم بگرە با نەکەوم) دواتر کە ئەو ئەزموونە بە چەندین قۆناغ دەڕوات تیایدا شکست لەبەرامبەر عەشق پێی دەڵێت"جادەم لەپیاو خۆشتر دەوێ" ئایائەوە ڕۆحی دژایەتی نیە لەگەڵ ڕەگەزێک کە هەردووکیان پێویستیان بەیەکتریە و دواجار دەبێت شیعر باجەکەی بدات؟

ئاویزان نوری: بەڵێ، ئەوە بەکێشە دەزانم، کەژاڵ ئەحمەد نەدەبوایە وای بووتبایە، شیعر ئەوە نیە، شیعر ئەوە نیە باج بباتەوە، شیعر ئەوە نیە  تۆ بیکەیتە شەرێک لەنێوان دوو جەستەدا یان دوو عەقل یان دوو نەتەوەدا، شیعر شتێکە وات لێدەکات پێشبینی پێش خۆت بکەویت، وەک ئەوەی شاعیرەکانی پێشوو پێشبینی چەندان ساڵ دوای خۆیان کرووە، من ئەمڕۆ دڵگران بم لەکەسێک ناکرێ بەشیعر قسەی لەسەر بکەم، تاوانە بێت بە شیعر وەڵامی سیاسەت بدەیتەوە وەڵامی پیاو بدەیتەوە وەڵامی عەقڵ بدەیتەوە وەڵامی هەموو شتێک بدەیتەوە، ڕاستە من دەڵێم شیعر قسەکردنە لەسەر واقیع، بەڵام مەبەستم نووسینەوەی واقیع نیە، مەبەستم تێپەڕاندنی واقیعە، مەبەستم تێپەڕاندنی واقیعە، من کاتێک شیعر دەنووسم و دەمەوێ شیعر بنووسم، هەرچیەک دەڵێم و دەمەوێ بیگەیەنم بەو کەسەی کەلە بەرامبەرمە کەدەیەوێ بزانێ دەمەوێ بڵێم چی، دەبێ شتێک بنووسم کە بتوانم پێی بگەیەنم، بەڵام کاتێک من دژایەتیم کرد، ئەو نەک گوێ بە من نادات، بەڵکو بە دوژمنی خۆشیم دەزانێت ئەمەلە لایەکەوە لەلایەکی ترەوە کاتێک کەهاتنم بەدەست خۆم نیە و ڕۆیشتنیشم بەدەست خۆم نەبوو، بەڵام دەبێ کارێک بکەم نەمریی بۆ خۆم بێڵمەوە، ئەو نەمریە چۆن بۆ خۆم دێڵمەوە، من ئەمڕۆبتوانم قسەلەسەر شتێک بکەم، کەسێکی وەکو تۆ، وەک دانا بێت مێژگردێک بکەین قسە لەسەر ئەو شتە بکەین بتوانین گرووپێک دروست بکەین بتوانین گۆڕانکاری بکەین، بتوانین گۆڕانکاری لەعەقڵدا بکەین، بەڵام بەداخەوە،لێرەدا ئەو شتە نیە، چونکە لێرە حزب دەوردەبینێ، (خۆسیا ساراماگۆ)شتێکی وای هەیە دەڵێ "بریا شاعیر پێغەمبەر بوایە،تاخەڵک گوێی لێ بگرتبایە و بیزانیایە دەبووت چی" بەڵام بەداخەوە هێندەی گوێ لە حزبەکان دەگیرێت، هێندە گوێ لەئەدیب و ئەدەب دۆستەکان ناگیرێت.

نیهادجامی:لەوجۆرە شیعرەی تۆباسی دەکەیت تا چەند توانای وەدەست کەوتنی (مانا)مان هەیە؟چونکە لە شیعری کوردیدا دەست کەوتنی فرە مانایی لە ناو(مەبەست)دا خنکاوە، ئەگەر نمونە بە شیعری فرەنسی بێێنەوە، دەبیینن زمانی شیعری(جاک پریڤەر) زمانێکی سادە و ڕەوانە، کەچی ئەو زمانە بەلای ڕەخنەگر (ج.بیکۆن)بۆتە هۆی گۆڕین و بەرە و پێش بردنی شیعری فەڕەنسی، لە شیعری کوردیدا لەڕووی زمانەوە ئەزموونێکی لەو شێوەمان هەیە، ئەزموونی(پەشێو)ە، بەڵام بۆ چی عەبدوڵلا پەشێو توانای ئەوەی نیە لەو زمانە سادەیەوە مانا بەرهەم بێنێت؟بەقەد ئەوەی گوتارێکی نێرسالاری بەرهەم دێنێت، دەقی(لەدەستم دێ) زمانی شیعری لەو دەقەدا نەیتوانیووە گوتاری نێرایەتی بکوژێت، نایا ئەوە زمانە کە توانای کوشتنی گوتاری نێرایەتی نەبووە، مانا چۆن دەتوانێ شوێن بەمەبەستی لەق بکات؟

ئاویزان نوری:کاتێک هەرشتێک دەنووسیت و چۆن دەری دەبڕیت،ئەوە زمانە دەور دەبینێت، بەڵام بتوانی گەمە بە زمان بکەیت،ئەگەر عەبدوڵلا پەشێو نەیتوانیووە ئەو زمانە بە شێوازێکیتر بڵێت، ئێستا (شێرکۆبێکەس)دەری دەبڕێت، ڕەنگە ئەو سادەییە لای پەشێو خۆی مانایەک ببەخشێت.

نیهاد جامی: بەڵام هەست ناکەیت ئەومانایە لەگەڵ کۆتایی دەقەکەدا دەمرێت؟

ئاویزان نوری:منیش قسەم لەسەر ئەوەیە، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ عەبدوڵلا پەشێو، چ ئەو و چ ئەوانەی پێش ئەویش بەزمانێکی سادە شتیان نووسیووە،ڕاستە تا ئەمڕۆ شتەکانیان دەخوێندرێتەوە، بەرهەمەکانیان

جوانیشه،کەچی بەجارێک خوێندنەوە تێردەبی لێی، بەڵام هەموو ئەو واقیعەی ئەمڕۆ ئێمەتیاین،لەبەر ئەوەی واقیعەکەمان ئاڵۆزکاوە، بۆیە سەیردەکەیت نووسینەکانیشمان ئاڵۆزکاوە، ڕەنگە لەپشت ئەو ئاڵۆزکاویە چەندان شتی تر هەبێت، ئەگەر من شیعرێک ببینم هەندێک گەمەی زمانی تیا کرابێت،یان بە شێوازێکی فەلسەفیانە ووترابێتەوە،چەند شتێکی ترلە پشت ئەوە ووترابێتەوە، ڕەنگە دوانزە جار بیخوێنمەوە، مانای لە دایکبونەوەی ئەو شیعرە بێت، ئەوەی واش دەکات بۆخۆم شیعری ئەمرۆم زیاتر بە دڵ بێت، ئەوەیە کە شیعری ئێستا هەموو ڕۆژێک رۆژی لە دایکبونەوەیەتی، هەموو ڕۆژێک تۆدەتوانی مانایەکی لێ دەرکەیت، بەڵام شیعری عەبدولڵا پەشێولە کۆڕێکدا گوێم لێبوو، هەر ئەوە بوو کەزانیم ووتی چی، کاتی خۆشی بەسەر چوو، بەڵام شیعرێکی ئەمڕۆ بێنە، شیعرەکانی شێرکۆبێکەس هەرچەند شێرکۆ بوو بەکەسێکی موناسەبات، بەڵام من زۆر چێژلە شیعرەکانی دەبینم، نەک هەر ئەو شیعری فارسیش، ئەدەبی عەرەبی هەرهەمان شت کەدەیخوێنمەوە،ڕەنگە هەموو رۆژ بیان خوێنمەوە و مانایەکی لێ دەربکەم.

نیهاد جامی:ئاوێزان ووتی شێرکۆ بوو بە شاعیری موناسەبات، ئەو بۆچونەش زۆرجار بەشێکی قسەکردنە لەسەر ئەزمونی ئەو شاعیرە، بە تایبەت لە (بۆننامە)دا ئەوە پەیوەندی بە رووداوێکی سیاسیەوە نیە، هێندەی یەک رەهەندی ووشەیە توانا لە زمان دەسەنێتەوە، بەواتایەکیتر ئامادە نەبوونی مانایە، گەرجی لە پاڵ ئەوە ئەو(دەربەندی پەیوولە) ی نووسیوە، کە گۆڕینی چەمکی مانایە لە شیعری نوێمان، ئەگەر قسەکە ڕاست بێت دەلێین ئەو دەقە ئەزموونی زمانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئامادە نەبوونی مانا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا هەر ئەو هۆکارەیە کە(پەشێو)لە(دەستمدێ)ی پێ دەنووسێتەوە، و پەشێونەیتوانیوە گرێی نێرایەتی خۆی بکوژێت؟ چۆن لەو دوو ئەزمونەوە سەیری مانا لەشیعری کوردی بکەین؟

دانا عەسکەر: بەرلەوەی قسە لەسەر ئەزموونی شێرکۆو پەشێو بکەین، حەز دەکەم بگەڕێمەوە سەر ئەو قسەیەی بورهان ووتی، هەرهەمان مەبەست دەپێکێت، دیارە کە قسە لەسەر بەختیار عەلی دەکەین بە حوکمی ئەوەی ئەو پیاوە لەتاراوگە دەژیت،زمانی بەختیار زمانێکی جیاوازە، کاریگەری بیروبۆچوونیش لەلای ئەو ڕەنگە کاریگەری کولتوری خۆر ئاوا بێت،پێوانە بۆ قسەکەی ئاوێران و قسەکردن لەسەر ئەزموونی گۆران، زیاد لەوە ئیشکردن لەسەرژن، قسەیەکی ئەدۆنیس دێنمەوە دەڵێ "ئەوەی کەئەمڕۆ قسەلەسەر شیعرەکانی نزار قەبانی دەکات،تەنها خوێندنەوەیەکی رووکەشانەی هەیە بۆ شیعرەکانی نزار قەبانی، کەدواتر دێ بزانێ لەسەر فلاّنە سەرکردە چی وتووە،لەسەر فلاّنە ژن چی وتووە" تاکو ئێستا لێکۆلێنەوەیەکی قووڵ لەسەر شیعرەکانی بەوشێوەیە جوان دەنەکراوە،وەکو ئەوەی لە شیعرەکانی(عەبدلوەهاب بەیاتی)و (ئەدۆنیس)دا کراوە، نەبوونی مانا لەدەقی کوردیدا دەگەڕێمەوە بۆ سەر ئەوەی ئێمە نەمان توانیووە تاکو ئێستا خوێندنەوەیەکی ووردبینانەمان بۆچەمکی کلاسیک هەبێت، ئێمە هەموومان قەرزارباری ئەدەبی خۆرئاواو فیکری خۆر ئاواین، ئەزموونی ئێمە گەڕانەوەیە بۆ خۆرئاوا، حاڵەتێکی زۆر مەترسیداریش هەیە، ئێمە کاتێ دێین ئایندە دەخوێنینەوە لەتێڕوانینمان بۆڕابردووەوە دەیخوێنینەوە، بە پێچەوانەی خۆرئاوا، هەموو ئەو تێڕوانینانەو کارکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگا، بە حزبی بوونی دەوڵەت وا لە مرۆڤ دەکات، نەک هەموو کەسێک،کەسێکی وەک (شێرکۆبێکەس) هاتووە بۆننامەی نووسیوە، کەچی خەڵک ئەمرۆهەڵوێستە لەسەر (دەربەندی پەیوولە) دەکات کە بەفیعلی شێرکۆبێکەس توانیویەتی قۆناغێکی تر ببڕێت لە شیعری کوردیدا، هەموو ئەمانە ئەگەڕێنەوە سەر ئەوەی چۆن کاتی خۆی نالی سەری خۆی هەلگرتووە و ڕۆی بۆ ئەستەمبوڵ و نەگەڕایەوە، تا دواتر کۆمەڵێک سۆز وای لێکرد بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، یانی کێشەی ئێمە کاک نیهاد ئەوەیە پیاوێکی وەک(جمال غەمبار)لە ئوستورالیا بە نالی دەڵێ"گەورەم، غەریب هەر لە خۆت جوانە" دواتر نالی لە غەریبی چی گواستەوە بۆ ئەدەبی کوردی؟ جگە لە گریان و فرمێسکەکانی گەڕانەوە بۆ کوردستان، هەموو ئەو حاڵەتانە وامان لێ دەکات مانا لە ناودەقەکانماندا بمرێت.

نیهاد جامی:ئەزموونی مەنفای شاعیرانی کورد ئەزموونی جیاوازە، بەوەی ئەزمونی نالی جیاوازە لە (حاجی قادر) نالی دەیەوێ بۆ زەمەنی خۆیپ و ئەو ساتەوەختە ئیش بکات، حاجی وانیە، حاجی قادر دەیەوێ نەوەکانی داهاتوو لە بیرینەکەن، لای نالی حسی شیعری لەسەرو هەموو گرنگیەکانە، کەچی لای حاجی قادر ئەوەی لەمەنفادا گرنگ بێت کێشەی نەتەوەیە، کەچی ئەزموونی مەنفا بۆشێرکۆ بێکەس ئەزموونی مەرگە بەوەی لەنێوان مەنفای شاعیر و سروشتی کوژراو مەرگ وەستاوە، ئەو هۆکارە چیە دەبێتە هۆی ئەوەی مەنفای نالی و شێرکۆمەنفای شیعریەو لای حاجی قادر مەنفای نەتەوەیە، ئایا ئەوە مانای وانیە: دەبێ شیعر وەک شیعر سەیری بکەین،نەوەک وەک کێشەی نەتەوەیی و سیاسی؟

بورهان ئەحمەد: چەمکی نیشتمان لەسەردەمی (نالی)ەوە بۆ ئێستا، وەک هەموو چەمکەکانیتر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەم دواییە شیعرێکی (دلاوەرقەرەداغی)م خوێندەوە بە ناوی (کۆڤان) ئەو دەقە لەمەنفا نووسراوە،کەباس لەواقیعی ئێرە دەکات، ئەوە دەسەلمێنێ دلاوەر دانەبڕاوە لە واقیعی خۆی، پەشێوکە لەمەنفا بوو تاسەی خۆی بە جوینی پەلکە گیایەک دەشکاند، بەلاّم دلاوەرقەرداغی دوای بیست سالّ دێت ڕەخنە لە نیشتمان دەگرێت، ئەمڕۆ لای شاعیرانی مەنفا.. نیشتمان تەنها جوانی نیە، دەشبێ لای هەموومان  وابێت، نابێت تەنها دیوە جوانەکانی ببینین، نیشتمان دەبێت دیووە ناشیرینەکانیشی ببینین و ڕەخنەی لێ بگرین، شیعری حاجی قادر و نالی کە باست کرد دووشتی جیاوازن، هەردووکی لەمەنفا نووسراوە، پەیوەندیی نالی بە کوردستانەوە پەیوەندیەک بووە، تەنها لە چوار چێوەی یادەوەریی و جێهێشتن و جوانیە کانی نیشتیماندا کۆبۆتەوە، بەلاّم ڕەنگە لای حاجی قادر لەوەدا کۆبوو بێتەوە وەک لە قەسیدەیەکی کە باسی لە ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران دەکات، ئەمە دووشتی جیاوازە، بە بڕوای من لەهەموو قۆناغەکاندا هەموو چەمکەکان دەگۆڕدرێن، گۆڕانکاری یەک فەزایە، بەلاّم لەناو فەزاکەدا ژووری جیاواز جیاواز هەیە، من لەوێدا جیاوازیەکان دەبینم.

نیهاد جامی: ئاوێزان، ئەزموونی مەنفا..ئەزموونی پیاوەتیە، هەموو شاعیرەکانی مەنفای کوردیی پیاون .. ژن نین، لەکاتێکدا کۆمەلێک شاعیری ژنمان هەیە لەمەنفا، بەلاّم ناتوانن ئەزموونی مەنفا بژین، بەلّکو ئەزموونی ژنێکی کۆیلە دەژین، تۆ ئەو هۆکارە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ ئایا هۆکارەکە لەژنەکانە یا ئەوان ناتوانن کولتورێکی تر قبولّ بکەن؟ یا ئەوە پیاوە پاوانی ئەو ئەزمونەی کردووە؟

ئاوێزان نوری: دەبێ تۆ بگەڕێیتەوە بۆ ئەوەی ئێمە لە کۆمەلگایەکی خۆرهەلاّتیدا دەژین، شاعیرانی مەنفاش لەغەریبستانەوە سەر هەلّدەدەن، بەلاّم تا ئێستا ژنان گەرهەست بە نامۆیش بکەن بلێن ئێمە نامۆین، یان لەمەنفاوە لە دایک بووبێتن و بلێن ئێمە لەمەنفاوە لە دایک بووینە، بە داخەوە ئەوەی ئێمە وانیە، شیعری مەنفا بە پیاوەتی ناسراوە، وەک تۆ ئاماژەت بۆ کرد، ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە لە وولاّتێکداین چەندان سالّە داگیرکراوە.

نیهاد جامی: بەلاّم ئایا چەمکی داگیرکردن زیاتر چەمکێکی سیاسی نیە، بۆ خۆدزینەوە لێرە بەکاری دێنین؟ خۆدزینەوە نیە لە ئەسلی بابەتەکە؟ ئایا بۆ نالی و حاجی و شێرکۆش داگیرکەر بوونی نەبوو؟

ئاوێزان نوری: بەلاّم من هەموو شاعیرەکانی ئەمڕۆش شتەکانیان بە دووبارە کردنەوە دەبینم، لەهەمان کاتدا بە هۆی ئەوەی وولاّتێکی داگیرکراوین، هەمووکات چەوسێنراوینەتەوە، بەتایبەت ژنان، لێرە پیاو دەبێ بە دەسەلاّت، هەموو دەسەلاّتەکە دەگەڕێنمەوە بۆلای پیاو، بەردەوام ئەو خاوەنی فتواکانی خۆی بووە، ژن لێرە هەموو شتێکی وون کردووە، هەمو بیروخەون و دەربڕینەکانی ئەوەیەکە گوزارشت لە ئازارەکانی خۆی بکات.

نیهاد جامی: کاریگەری زمانی شیعری شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی بەسەر ئەزمونی شیعری ئەو نەوە نوێیە زۆر بەزەقی دەرکەوتووە، بەو پێیەی گەر وەک ئەو دوو ئەزمونە نووسیان ئیدی ئەوان تازەگەرن، لەو نێوەندەدا پێویستە لەبەرامبەر ئەزمونی ئەو نەوە نوێیە بپرسین:  چەمکی تازەگەری شیعری ئەو نەوە نوێیە لەکوێدایە؟

دانا عەسکەر: کێشەکەمان لەوەدایە، وەکو ململانێیەکەی نێوان گروپەکەی فۆکۆ و دریدا لەگەڵ هابرماس، لەسەر ئەوەی گەر مۆدێرنیتە تەواو هەزم نەکرێت،ناتوانیت بچیتە قۆناغی پوست مودێرنیتە، ئێمە لە قوناغی حەماسیدا دەژیاین،دواتر خوێندنەوەمان بۆ تازەگەری بەوەی تازەگەری بە فەوزایەکی زۆر کاریگەردا تێپەڕی،لەگەڵ ڕاپەرینی 91 ئێمە بەرەو کرانەوەیەکی زۆر گەورە چووین، لەگەڵ ئەدەبی جیهان، ئەو کرانەوەیەش وایکرد ئەدەبی کوردی چۆن هاوشان لەگەڵ ئەدەبی جیهانی هەڵسەنگێنین، ئیشکردن بۆتازەگەری لەو قۆناغەدا دەستی پێکرد، بە دڵنیاییەوە لەو قوناغەدا فەوزا دروست دەبێت، فەوزا بەوەی تۆتێروانینی کۆمەڵێک لە ئەدیبانی ئەوروپا کاریگەریەکی ناسەقامگیر ناجۆر بەسەرتەوە دەبن، هەموو ئەوانەش وا مان لێ دەکەن،تێگە شیتنمان بۆ تازەگەری تێگەیشتنێکی زۆر خراپ بێت، دەگەڕێمەوە بۆ قسەکەی تۆ و قسەی شاعیرێکی ئینگلیزی کە دەڵێ: "کاتێ شیعرەکانی ئەم قۆناغە دەخوێنیتەوە، واهەست دەکەیت هەموو شیعرەکان یەک شاعیر نوسیویەتی" ئەوە مانای وانیە شیعرەکان لەیەک دەچن، بەڵکو تێروانینەکان لەیەک دەچن، ئێمە بۆئەو قسانە دەگەڕێینەوە سەر جەنجاڵی سەردەم، چونکە ئەوە وامان لێ دەکات تێروانینمان بۆ کارکردن و شارستانیەت، شارستانیەت بەدیوەجوانەکەی، لەو حالەتەدا کۆ بکەینەوە، قەت ناتوانین ئابوری لەئەدەب جیابکەینەوە یا سیاسەت یا خود بارە کۆمەڵایەتیەکان.

نیهاد جامی : بەڵام ئایا لەو کاتەدا ئێمە شیعر نادۆڕێنین؟ بەو پێیەی ئابوری یا کۆمەڵناسی زانستی سەربەخۆن، ئەو زانستانە بۆ بێنینەوە ناو شیعر؟

دانا عەسکەر: حەزدەکەم ئاماژە بۆ حالەتێک بکەم، ئەویش مەنفای ژنە لە شیعری کوردی، حالە تێکمان هەیە لای ژن دووبارە دەبێتەوە، کە ژنانی وەکو مهابات قەرەداغی و نەزەند بەگیخان لە تاراوگەشدا نەیان توانی کاریگەری کولتوری خۆر ئاوا سوودمەندبن لێی، یانی هەموو ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلات پیاو و دین بەسەر کۆمەڵگای کوردیەوە، دەسەڵاتی دین بەسەر کۆمەڵگای خۆرهەڵاتیەوە بەسەریەوە کاریگەر بێت، کە دەچێتە خۆرناواش بیری گەڕانەوە دەکات بۆ نیشتیمان، ئێمە تاکوئێستا ئەوژنانەی تۆزێک جورئەتیان تیایە، لاسایی(ئەحلام موستەغانمی) دەکەنەوە، ئەوە نالێم شتێکی خراپە، نا شتێکی زۆر ئیجابیە،کارکردن لەسەر چەمکی سێکس لەلای ئێمە کارکردنە لەسەر ئەخلاق، ئێمە ئەخلاقمان بەهەڵە تەفسیر کردووە.

نیهاد جامی: تۆئاماژەت بۆ(ئەحلام موستەغانمی)کرد، بەڵام جیاوازی ئەوخانمە جەزائیریە لەگەڵ ژنانی کورد لەوەدایە، ژنی کورد تا ئێستا ڕۆمانێکی نیە کە کاریگەری هەبێ لەسەر کۆمەڵگا، نەک ئەو تەنانەت بەرلەویش ڕۆمانەکانی (نەوال سەعداوی) چەند وەک ئەدەب زمان تیایدا رووکەشی و لاوازیش بوو بێ، بەڵام دەقەکان هەڵگری گوتارێکی فێمێنیستیانە بوو، کێشەی ژنی کوردیی لەوێوە دەست پێ دەکات کاتێ پەلاماری شیعر دەدات، شەڕو ترسەکانی خۆی بە شیعر دەنووسێتەوە، بەڵام کوا ڕۆمانی ژنی کوردیی، ڕۆمانێکی مەهابات قەرەداغی هەیە بە ناوی (کۆچ) هێندەی بەعەقڵی پیاونووسرا، هێندە هەست ناکەیت نووسەرەکەی ژنە.

ئاوێزان نوری: بەڵێ، بەڵێ، منیش نەو ڕۆمانەم دووسێ جار خوێندۆتەوە، نەک هەر ڕۆمانەکەی تەنانەت نەو کۆمەڵە چیرۆکەش کە لە گەڵیدا بڵاوی کردۆتەوە، بە زمانی نێرینە نووسراوە، وەک ئەوەی خۆی نێرینەیە کە قسە دەکات، باس لە لەدایکبونی خۆی دەکات، من سەیرم پێ هاتووە، ئێستەش شتێکم لەسەری نووسیوە لەسەر ئەو ڕۆمانە و چیرۆکەکانی، کە ژنێک لەو وولاتەدا ناوی هەبێ و بتوانین شانازی پێوە بکەین و هەندێک قۆناغی پەڕاندبێ،بەڵام من کەشتەکانی وەکو ژنێک بخوێنمەوە، سەیردەکەم هەمان ئەوشتانە دەخوێنمەوە کە لەپیاو دەیخوێنمەوە .

بورهان ئەحمەد: هەست دەکەم کاردانەوەی کولتوری کوردی بەسەر ژنەوە ماوە، ژن هەمیشە هەست دەکات مێژوویەک ڕق لە پیاووە هاتۆتە سەری، نمونە(یاسنا شامی) هەیە شاعیرێکی یوگوسلافیە دەڵێت"پیاوێک لە خوێنمایە" کە ژاڵ ئەحمەد دەڵێ "جادەم لە پیاو خۆشتر دەوێ" تەماشا دەکەی ئەمە دوو کولتوری جیاوازە، لەبەر ئەوەی هەر کولتورێک واقیعی تایبەتی خۆیەتی، ناکرێ شاعیر لە ژینگەی خۆی دابڕێ، بەشتیک لە پرۆژەی نووسینی ئەو بریتیە لەدەرەوەی

خۆی، بە شێکی هی ناوخۆیەتی، مافی جەستەیی کە پێشتر باسمان کرد، هەردوو ڕەگەز مافی جەستەییان بەسەر یەکەوە هەیە، دەکرێت ئاوێزان باسی جەستەی پیاوێک بکات لای من زۆر سرووشتیە، دەبێ لای خۆشی سرووشتی بێت.

نیهاد جامی: بەڵام جیاوازیەکە ئەوە بوو، ووتمان پیاو ناتوانێ ژن وەکو خودێک ببینێت، بەقەد ئەوەی تەنها وەک جەستە دەیبینێت، وەک لە کۆژیتوکەی دیکارت دەلێ "من بیردەکەمەوە،کە واتە من هەم"

ئەو کۆژیتۆیەی دیکارت پرۆژەیەکی عەقلانیە، بەڵام پرۆژەی شاعیری کورد، پرۆژەی پیاوێکی شەهوانی نەرجسیە، خاوەن پرۆسەی تێرکردنی غەریزەکانیەتی.

بورهان ئەحمەد: ئەگەر لەو ڕوانگەوە باسی بکەیت، من بە مافێکی شەرعی هەردوو ڕەگەزەکەی دەزانم، کە باس لەجەستەی یەکتری بکەن، بەوەی هەردوولا پێویستیان بە جەستەی یەکتریە.

نیهاد جامی: بەڵام ئەوە ستایشکردنی جەستە و بەپەراوێز خستنی عەقڵە.

دانا عەسکەر: بەدڵنیاییەوە کێشەکەمان ئەوەیە ئێمە ژنێکمان نیە بە ناوی خۆیەوە قسە بکات، ڕەنگە زۆربەی خۆشمان، کاتێ کە دێین قسە لەسەر ئەدەب دەکەین، تەنها دێین ئەوموعاناتانەی ناوەوەی خۆمان گرێ دەدەین، بەڵام گرێی نادەین بە سەردەمەوە، من لێرەدا دێمە سەر قسەکەی بەختیار عەلی کەدەڵێ "ئێمە کۆمەڵگانین،چونکە کولتورێکمان نیە" دواتر ئێمە فیکر و فەلسەفەمان نیە، بۆیە دەڵێین ئێمەی کورد هەمووقەرزاری ئەوروپاین، باشە بۆچی ژن نەیەت باس لەو پەیوەندیە توند و تیژییەی نێوان خۆی و پیاو بکات.

ئاوێزان نوری: ببوورە کاک دانا، من دەمەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەم، ژن بۆ باسی ئەو توندوتیژیە ناکات، لەبەر ئەوەی ئەمرۆ هەموو ژنێک تاتوانیویەتی قۆناغێکیش تێ پەڕێنێت، دوای ئەو قۆناغەش و تووانە پیاوێک لەپشت ئەو ژنەوەیەو بۆی دەنووسێت،نەیان وتووە ژنەکە خۆی دەنووسێت، من کەسێکم لەوانەی تازە دەستم بە نووسین کردووە، بەڵام کەس ناڵێ ئاوێزان خۆی دەنووسێت.

بورهان ئەحمەد: گەر ئاوێزان باس لەوپەیوەندیە رۆحیەی پیاو بکات، ئایا ئەوە تەقینەوەی جورئەت نیە؟

نیهاد جامی: بەڵام مەرج نیە ئەوە شیعر بێت، دەکرێت ووتارێکی رۆژنامە نووسی بێت، یەک دنیا کچمان هەیە ئەمرۆ شیعر دەنووسێت، باشە گەر نەرجسیەتی پیاوانەی نێمە نەبێت کاممان دەتوانین ئاوڕیان لێ بدەینەوە، کەژاڵ ئەحمەد زیاد لە پێویست موجامەلەی بێتام کراوە، خۆشی لەدیمانەیەکدا بێتاقەتی لەو موجامەلانە دەردەبرێت،ئەو موجامەلە کردنە لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی پیاوانەیە، خۆلەسەر بنەمای شیعرنیە، باشە ئاوێزان، تۆچەند بڕوات بەو ناونانەیە کە پێی دەووترێ ئەدەبی ژن؟

ئاوێزان نوری: کە دەڵێن ئەدەبی ژن، لێرەوە جیاوازیەک هەیە، ئەسڵەن هیچ جیاوازیەک نابینم تەنها لەدەربڕینی ووشەکاندا نەبێت، بەڵام لێرەدا هۆیەکە دەگەڕێنمەوە بۆ ژنان، چونکە ژنان خۆیان ڕێگا دەدەن پیاوان وابکەن، تائەمرۆش دەڵێم ناکرێ تەنها شیعر بەڵکو ناکرێ سەنتەرێک یا دەزگایەک هەبێت بە ناوی دەزگای ژنانەوە، ژن خۆی لە خۆیدا خودێکە، ئیتر پێویست ناکات من کە خۆم بنکەیەکی وام کردەوە، یاکارێکی وام کرد، کەواتە خۆم لەگەڵ خۆمدا پێشێل کاریم کردووە لە مافی خۆمدا، بەبێ ئەوەی باسی بکەم من مافم هەیە، بەڵام کە هاتم لە لای تۆ باسم کرد، مانای وایە سوالکەری سۆزە و سۆزیشی نادەنێ.

نیهاد جامی: بەڵام هەست ناکەیت ئەوە زیاتر کێشەیەکی کولتوریە، بەو پێیەی لەناو ئاکاری کایە کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیریەکانمان درێژ دەبێتەوە؟

ئاوێزان نوری: ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئێمە کولتورێکی سەقاتمان هەیە، کەدین پەروەردەی ئەوەی کردووە، بەداخەوە من لە منالیەوە کەگەورە بوومە واگەورە بوومە.

نیهاد جامی: کولتوری کوردیی لە ڕووی زمانەوانیەوە، بەشدارێکی ئەکتیڤی ئەو حالەتەیە، ناوبردنی ژن بەزەعیفە، بەمانای بەزەعیفە بوونی ژن، ئەو واسەیری دەکات ئەو نەک شایەنی ئەوەنیە خەریکی ئەدەب بێت، بەڵکوهاوڵاتی پلە

دووه، ئەوه کێشەیەکی کولتوریە و گەر بچینە ناویەوە ڕێگاکەمان لە تازەگەری شیعریی پێ دەگۆڕێت بۆ باسێکی تر، بۆیە ناچارین هەریەکەمان دوا ووتەی خۆی بڵێت.

دانا عەسکەر: دوا ووتم ئاراستەی (ئاوێزان)دەکەم، بۆچی ژنان هەوڵ نادەن، ئەو سەنتەر و یەکێتی ژنان و سەنتەری پەناو ئەو شتانە هەلبوەشێننەوە، دواتر ژن هەوڵ بدات ئەوەندەی ئیش بۆ ئەو شوێنانە دەکات بۆ بچوک کردنەوەی ژن، هەوڵ نەدات سەنتەری پەنا سەنتەرێک بێ بۆ پەنا بۆ ئینسان، نەک پەنا بۆ ژن.

بورهان ئەحمەد: دواقسەم ئەوەیە، هەمووشاعیرێکی کۆچبەر، ئەگەر لەمەنفاشدا بژییێت، بەشێکی دانەبڕاو نیە لە واقیعی کولتوری خۆی، من پێم وایە...ئەزموونی ئێستای شیعری کوردیی، ئەزموونی جیاواز جیاوازی تیایە، بەبروای من بەختیارعەلی ئەزموونە، قوبادی جەلی زادە ئەزموونە، جگە لە هەندێ ناوی تر کە پێویست ناکات ناویان بڵێم، لەوانە ئەنوەرمەسیفی و گروپی هەولێر بە ئەزموونی دادەنێم، بەڵام دواجار ئەو ئەزموونە تا چەند لە گۆڕەپانەکەدا بمێنێتەوە و ببێت بە دەنگ.

نیهاد جامی: ئاوێزان پرسیاری ئێمە بە قسەی ژنە شاعیری کوێتی (سوعاد سەباح) دەیکەین بە پرسیار بۆ تۆ، ئەو دەڵێ "پێم دەڵێن لە شیعردا،لاسایی نزار قەبانی دەکەیتەوە، دەڵێ وام نەکردووە، گەرواشم کردبێ شانازی پێوە دەکەم، دواتر دەڵێ پێم دەڵێن تۆئەوەندە سەر سامی بەنزار پیچت ووتوە ئامادەم مێردت پێ بکەم، دەڵێ وام نەوتووە، گەر واشم ووتبێت ئەوە شەرەفێکی زۆر گەورەیە و قەت ڕەتی ناکەمەوە" پرسیارەکەی ئێمە لێرەدایە، ئایا ئێمە شاعیرێکی کچمان هەیە، بۆ شاعیر بوونی بسووتێت؟ کەنیمانە لەدەرەوەی کێشە کولتوریەکانەوە، عەشقێکت هەیە بۆ شیعر بەو ڕادەیە؟

ئاویزان نوری: من بە زمانی خۆم قسە دەکەم، کە بە زمانی خۆشم دەدوێم، تۆ تەماشای هەموو ئەو ژنانە بکە کە شیعر دەنووسن، ئێمە ووتمان ئەوە کێشەیە کە کێشەکان خۆت بە شیعر بگێریتەوە، بەلام ئەوە خۆشەویستیە بۆ شیعر، من بە خۆشەویستی دەزانم، ژن خۆی لە خۆیدا بە شیعری دەزانم، وەک ئەوەی پیاوان کردوویانە بە شیعر،

نیهاد جامی: یانی تۆبڕوات بەوە هەیە، بەردەوام ژن وەک جوانی رووخسار سەیربکرێت؟

ئاوێزان نوری: نەخێر، ڕاستە وەک جوانی سەیر دەکرێت، بەلام نەک تەماشای جەستە، تەماشای ناخی بکرێت، وەک چۆن کاک بورهان جارێک لە شوێنێک قسەیەکی کرد ووتی "ژن لەدەرەوەی خۆی تەماشای پیاو دەکات، بەلام پیاو لە دامرکاندنەوەی ناوەوەی خۆی تەماشای ژن دەکات" دەکرێت پیاویش بەهەمان تێڕوانینی خۆی تەماشای ژن بکات.

نیهاد جامی: سوپاس بۆ هەمووتان، بەئومێدی ئەوەی بتوانین درێژە بەو جۆرە مێزگردانە بدەین.

--------------------------

تێبینی :

ئەم بابەتە مافی بلاوکردنەوەی پارێزراوە , لە لایەن نووسەرەوە .